Billy and the Queen

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

بیلی و شاژن



ئینگلیزی - کوردی

وەرگێڕانی: دکتۆر ماکۆك محمد قەرەداخی

پڕۆژەی خوێندەوانان لەسەر زمانی ئینگلیزی

ناستی یەکەم :

دەسپێکەران

Billy and the Queen

بیلّی و شاژن

Stephen Rabley

وەرگێڕانی :

د.ماکۆك محمد قەرەداخی

dr.makok@hotmail.com

چاپی یەکەم

2005

ژمارەی سپاردن (735)ی سالّی 2005



Billy Parker is fourteen. He has got brown hair, green eyes and a small nose. He has got a sister, too. Her name is Roxanne (but everybody calls her Rox). It is August. Billy and Rox are staying in their grandmother's house in Brighton.

بیلّی پارکەر چواردە ساڵانە. قژێکی قاوەیی و چاوی شین و لوتێکی بچوکی هەیە. خوشکێکیشی هەیە، ناوی ڕۆکزانیەیە (بەڵام هەموو کەسێک بانگی دەکات ڕۆکس). مانگی ئابە، بیلّی و ڕۆکس لە ماڵی دایەگەورەیان دەمێننەوە لە (برایتن).

One Sunday, Billy looks at his bicycle. It is very, very old. ***"I need a new one,"*** he says. ***"But the question is how? New bikes are so expensive."***

یەک شەممانێک بیلّی تەماشای پاسکیلەکەی دەکات، زۆر زۆر کۆنە، دەڵێ: "پێویستم بە دانەیەکی تازەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن؟ پاسکیلی تازە زۆر گرانن."

"It's all right for you," says Rox. *"I haven't got a bike at all."* At that moment Gran opens the back door. *"Tea!"* she says. Billy and Rox go into the house.

ڕۆکس دەڵێ:"ئەمە زۆر باشە بۆ تۆ، خۆ من هەر پاسکیلێکم نییە." لەو ساتەدا گرەن دەرگای پشتەوە دەکاتەوە، دەڵێ:"چا !" بیلّی و ڕۆکس دەچنە ناو خانووەکە.

"Gran," says Billy at tea. *"Do you know how I can make a lot of money?"* Gran smiles at him. *"Why do you ask?" "He wants to buy a new bike,"* says Rox. *"Oh, I see."* Gran thinks for a minute. Then she says, *"I know!"*

بیلّی لەکاتی چایەکەدا دەڵێ:"ئایا دەزانی من چۆن دەتوانم پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنم؟" گرەن بزەدەیگرێت پێی :"بۆ پرسیار دەکەیت؟" ڕۆکس دەڵێ:"دەیەوێت پاسکیلێکی تازە بکڕێت."

"ئۆۆ تێدەگەم" گرەن بۆ ماوەیەکی کورت بیردەکاتەوە، پاشان دەڵێ:"دەزانم !"

"What?" asks Billy. A magazine called *Palace* is on the table. Gran opens it. ***"Look,"*** she says. ***"There's a competition here and the first prize is $500."***

بیلی دەپرسێت:"چیی؟" گۆڤارێك پێی دەوترێت كۆشك (پالاس) لەسەر مێزەكەیە. گرەن دەیكاتەوە، دەڵێ:"سەیركە، لێرەدا پێشبڕكێیەك هەیە و خەڵاتی یەكەم 500 دۆلارە."

Billy looks at the magazine. ***"Send us a photo of you and the Queen together,"*** he reads. ***"Together?"*** says Rox. Billy looks at Gran. ***"But I don't understand,"*** he says. ***"How do people know where the Queen's going to be?"***

بیلی تەماشای گۆڤارەكە دەكات، دەخوێنێتەوە:"وێنەیەكی خۆت و شازنمان پێكەوە بۆ بنێرە." ڕۆكس دەڵێ:"پێكەوە؟" بیلی تەماشای گرەن دەكات، دەڵێ:"بەڵام من تێناگەم، چۆن خەڵكی دەزانن كە شازن لە كوێ دەبێت؟"

"That's easy," says Gran. ***"It tells you every week in magazine."*** She turns to page 67 of *Palace*. ***"Look-here you are. Tomorrow she's going to a horse show near here. On Wednesday she's going to see a film, and on Friday she's going to open a new hospital."***

گرەن دەڵێ:"ئەوە ئاسانە، لە گۆڤارەکەدا هەموو هەفتەیەک پێت دەڵێ."
دەیخاتە سەر لاپەڕە 67ی کۆشک:"فەرموو سەیرکە، سبەینێ دەچێت بۆ پێشانگایەکی ئەسپ لەم زیکانە. چوار شەممە دەچێت بۆ بینینی فیلمێک، وە هەینی دەچێت بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تازە."

Billy looks at Rox. ***"What do you think?"*** he asks. Rox smiles, ***"I think you can buy two new bikes for $500,"*** she says.

بیلی تەماشای ڕۆکس دەکات، دەپرسێت:"ڕات چیە؟" ڕۆکس زەردەخەنە دەکات، دەڵێ."وای بۆ دەچم تۆ بتوانیت دوو پاسکیلی نوێ بکڕیت بە $500."

The next day is Monday. There is a horse show near Brighton and the Queen going to be there at 11 o'clock. Billy and Rox leave at 10 o'clock. ***"Now have you got everything?"*** asks Gran. ***"Camera? Sandwiches? Umbrella? Coffee? Money?"***

ڕۆژی داهاتوو دوو شەممەیە. پێشانگایەکی ئەسپ لەنزیک برایتۆن هەیە و شاژنیش کاتژمێر 11ی تەواو لەوێ دەبێت. بیلی ڕۆکس کاتژمێر 10 بەڕێدەکەون. گرەن دەپرسێت :"دەی ئێستا هەموو شتێکتان پێیە؟" "کامێرا؟ لەفە؟ چەتر؟ قاوە؟ پارە؟"

Billy looks at the sky. ***"Yes, Gran,"*** he says. ***"All right, then – have a nice time,"*** says the old lady. Rox smiles. ***"Thanks Gran,"*** she says.

بیلی تەماشای ئاسمان دەکات، دەڵێ."بەڵێ گرەن." خانمە بەتەمەنەکە دەڵێ."زۆر باشە، دەی بەهیوای کاتێکی خۆش." ڕۆکس زەردەخەنەیەک دەکات، دەڵێ."سوپاس گرەن."

Brighton station is only five minutes away from Gran's house. Billy and Rox walk there. ***"OK – which train do we want?"*** asks Billy. ***"The 10.18,"*** says Rox.

وێستگەی برایتۆن تەنها پێنج خولەك لە ماڵی گرەنەوە دوورە. بیلی و ڕۆکس دەڕۆن بۆ ئەوێ. بیلی دەپرسێت :"باشە چ شەمەندەفەرێکت دەوێ؟" ڕۆکس دەڵێ. "10.18ەکە."

They arrive at the horse show just after 11 o'clock. There are lots of people. ***"Can you see the Queen?"*** asks Rox. ***"No, I can't,"*** says Billy. He looks left and right. Then he stops. ***"Yes, I can,"*** he says. ***"Look. She's over there."***

کتومت دوای 11ی تەواو دەگەنە پێشانگای ئەسپەکە. خەڵکێکی زۆری لێیە. ڕۆکس دەپرسێت :"دەتوانیت شاژن ببینیت؟" بیلی دەڵێ. "نەخێر، ناتوانم." سەیری ڕاست و چەپ دەکات. پاشان دەوەستێت، دەڵێ. "بەڵێ، دەتوانم. سەیرکە لەوسەرەوەیە."

He is right. The Queen is standing next to a horse. ***"Have you got a camera?"*** asks Billy. ***"Yes,"*** Rox takes it out of her bag. ***"Come on,"*** says Billy. He smiles. ***"This is going to be easy."***

ئەو ڕاست دەکات، شاژن لە تەنیشت ئەسپێکەوە ڕادەوەستێت. بیلّی دەپرسێت :"کامێرایەکت پێیە؟" ڕۆکس :"بەڵێ" لە جانتاکەی دەریدەهێنێت. بیلّی دەڵێ :"دەی" زەردەخەنەیەك دەکات :"ئەمە ئاسان دەبێت."

But at that moment, three very tall men stand in front of him and Rox. ***"We want to take a photo of the Queen,"*** says Billy. ***"Is that OK?" "No,"*** says one of them. He puts his face near Billy's face. ***"It's not."***

بەڵام لەو ساتەدا سێ پیاوی زۆر درێژ لەبەردەم ئەو و ڕۆکسدا ڕادەوەستن. بیلّی دەڵێ :"ئێمە دەمانەوێت وێنەیەکی شاژن بگرین، ئەوە گونجاوە؟" یەکێکیان دەڵێ :"نەخێر." دەم و چاوی لە دەم و چاوی بیلّی نزیك دەکاتەوە :"نابێت."

Rox looks at Billy. ***"Come on,"*** she says. ***"Let's go home. We're not going to get a photo today. We can try again on Wednesday. The Queen's going to see a film in London, remember?"***

ڕۆکس تەماشای بیلی دەکات. دەڵێ :"دەی با بڕۆینەوە ماڵ. ئەمڕۆ وێنەیەکمان دەست ناکەوێت. دەتوانین چوارشەممە جارێکی تر هەوڵ بدەین. لەبیرتە شاژن بەنیازە سەیری فیلمێك بکات لە لەندەن؟"

Wednesday arrives. Billy and Rox take a train to London. They get to the Odeon cinema, Leicester Square at 7.15. In *Palace* magazine it says ***"The film starts at 7.30."***

چوارشەممە دێت. بیلی و ڕۆکس سواری شەمەندەفەرێك دەبن بۆ لەندەن. کاتژمێر 7:15 ئەوان دەگەنە سینەمای ئۆدیۆن، لیسیستەر سکوێر. لە گۆڤاری کۆشکدا دەڵێ :"فیلمەکە 7:30 دەست پێدەکات."

There are hundreds of people outside the cinema. Everyone is waiting to see the Queen. Her car arrives at 7.25. ***"OK,"*** says Billy. ***"Are you ready?"*** Rox smiles and says, ***"Yes."***

سەدان خەڵك لە دەرەوەی سینەماكەدان. هەموو یەكێك چاوەڕوانە بۆ بینینی شاژن. ئۆتۆمبیلەكەی 7:25 دەگات. بیلی دەڵێ :"باشە، تۆ ئامادەیت؟" ڕۆكس خەندەیەك دەكات و دەڵێ :"بەڵێ."

The car stops. The Queen gets out. Everyone starts to move. ***"Now,"*** says Billy, but suddenly Rox cannot see anything. She puts the camera above her head. CLICK! But she only gets a picture of Billy's right ear.

ئۆتۆمبیلەكە دەوەستێت. شاژن دێتە دەرەوە. هەموو یەكێك دەست دەكات بە جموجوڵ. بیلی دەڵێ :"ئێستا،" بەڵام لەپڕ ڕۆكس ناتوانێت هیچ شتێك ببینێت، كامێراكە دەخاتە سەروو سەری‌یەوە. چرك! بەڵام تەنها وێنەی گوێی ڕاستی بیلی دەگرێت.

Now it is Friday afternoon. Billy and Rox are outside a new hospital in London. Billy is carrying lots of red roses. At 2.30 he is going to give them to the Queen. At that moment, Rox is going to take a photo.

ئێستا پاش نیوەڕۆی هەینییە. بیلّی و ڕۆکس لە دەرەوەی نەخۆشخانەیەکی تازەن لە لەندەن. بیلّی ژمارەیەک گوڵە باخی سوور هەڵدەگرێت. لە کاتژمێر 2:30 بەنیازە بیاندات بە شاژن. لەو کاتەدا ڕۆکس بە نیاز دەبێت وێنەیەک بگرێت

Just before 2 o'clock the hospital doors open. ***"What's happening?"*** says Billy. Someone comes out. It is a tall man with grey hair. ***"Good afternoon, ladies and gentlemen,"*** he says.

ڕێک پێش 2ی تەواو دەرگاکانی نەخۆشخانەکە دەکرێنەوە. بیلّی دەڵێ: "چی ڕووەدات؟" کەسێک دێتە دەرەوە. پیاوێکی درێژی قژ خۆڵەمێشی‌ییە، دەڵێ: "خانمان، بەڕێزان نیوەڕۆتان باش."

Everyone is quiet. The man looks at his shoes. Then he looks at all the people in front of him. ***"I'm afraid I've got some bad news,"*** he says. ***"The Queen has a cold and can't be with us today."***

هەموو کەسێک بێدەنگە. پیاوەکە تەماشای قۆندەرەکانی دەکات، پاشان تەماشای هەموو خەڵکەکەی بەردەمی دەکات، دەڵێ :"دەترسم هەندێک هەواڵی خراپم پێبێت. شاژن هەڵامەتی هەیە و ناتوانێت ئەمڕۆ لەگەڵمان بێت."

"That's it," says Billy. He gives the roses to a woman beside him. ***"Here,"*** he says, ***"you can have these."*** Then he walks down the street. He is very angry. Rox follows him.

بیلی دەڵێ :"ئەوەتا!!!" گوڵەباخەکان دەداتە ژنێک لە تەنیشتیەوە، دەڵێ :"ها بگرە، دەتوانیت ئەمانەت هەبێت." پاشان بە شەقامەکەدا دەڕواتە خوارەوە، زۆر توڕەیە. ڕۆکس دوای دەکەوێت.

Two minutes later she stops. Billy looks behind him. ***"What are you doing?"*** he asks. Rox is standing in front of a big building. ***"I've got an idea,"*** she says and smiles.

دوو خولەك دواتر ڕۆکس دەوەستێت. بیلّی سەیری پشتەوەی دەکات. دەپرسێت :"چی دەکەیت؟" ڕۆکس لەبەردەم بینایەکی گەورەدا ڕادەوەستێت، زەردەخەنەیەك دەکات و دەڵێ :" بیرۆکەیەکم پێیە."

Now Billy looks at the building, too. It is Madame Tussaud's. ***"An idea?"*** he says. ***"Yes."*** Rox takes his arm. ***"Come on,"*** she says. ***"Let's go in."*** Billy follows her. ***"But why?"*** he asks. ***"I don't understand."***

ئێستا بیلّیش تەماشای بیناکە دەکات. کۆشکی مەدام تووساودس، دەڵێ :"بیرۆکەیەك؟" ڕۆکس دەڵێ :"بەڵێ" دەستی دەگرێت، دەڵێ :"دەی وەرە، با بچینە ناوەوە." بیلّی دوای دەکەوێت، دەپرسێت :"بەڵام چۆن؟ من تێ ناگەم."

"Don't ask questions. Just follow me," says Rox. There are lots of famous people in Madame Tussaud's. Pop stars – sports stars – world leaders ... suddenly, Billy sees the British Royal Family.

ڕۆکس دەڵێ: "پرسیار مەکە، تەنها دوام بکەوە." زۆرێک خەڵکی بەناوبانگ لە مەدام تووساودسدایە: ئەستێرەکانی مۆزیکی پۆپ، ئەستێرەکانی وەرزش، ڕێبەرە جیهانییەکان ... لەپڕ بیلی خێزانی خانەدانی بەریتانیا دەبینێت. (تێبینی: نەم کەسایەتیانە پەیکەری دروستکراون)

"Now do you understand?" asks Rox. ***"Yes,"*** says Billy and starts to laugh. He stands next to the Queen. ***"Smile,"*** says Rox. Her brother smiles. CLICK! Rox takes a photo.

ڕۆکس دەپرسێت: " ئێستا تێگەیشتیت؟" بیلی دەڵێ: "بەڵێ" و دەست دەکات بە پێکەنین. لە تەنیشت شازنەوە ڕادەوەستێت. ڕۆکس دەڵێ: "زەردەخەنە." براکەی زەردەخەنەدەکات. چرک! ڕۆکس وێنەیەک دەگرێت.

But at that moment someone shouts. ***"Hey! What are you two doing?"*** It is a Madame Tussaud's guard and he is very angry. ***"You can't take photos like that in here,"*** he says. ***"Come on. Give me that camera. Now!"***

بەڵام لەو وەختەدا کەسێك هاواردەکات :" هێی! ئێوە ئەو دوانە چی دەکەن؟" پاسەوانێکی مەدام تووساودسە و زۆر تووڕەیە، دەڵێ:"ئێوە ناتوانن وێنەیەکی ئاوا لێرە بگرن. دەی هەر ئێستا ئەو کامێرایەم بدەنێ."

Rox looks at Billy. ***"What do we do?"*** she asks. ***"Run,"*** says Billy. They start to run. The guard follows them. ***"Come back here!"*** he shouts. But Billy and Rox do not stop.

ڕۆکس تەماشای بیلّی دەکات، دەپرسێت :"چی بکەین؟" بیلّی دەڵێ :"ڕاکە." دەست دەکەن بە ڕاکردن، پاسەوانەکە دوایان دەکەوێت، هاوار دەکات :"بگەڕێنەوە ئێرە." بەڵام بیلّی و ڕۆکس ناوەستن.

Two weeks later, Gran is talking to her neighbour – Mrs. Clark. They are both looking at *Palace* magazine. Out in the garden, Billy and Rox are riding their new bikes.

دوو هەفتە دواتر، گرەن قسە لەگەڵ خاتو کلارکی دراوسێی دەکات. هەردووکیان تەماشای گۆڤاری کۆشک دەکەن. لە دەرەوە لە باخچەکەدا بیلّی و ڕۆکس پاسکیلە تازەکانیان لێدەخوڕن.

"What a beautiful photo!" says Mrs. Clark. ***"And how wonderful for you to have a grandson who knows the Queen. Does he know her well?" "No, not very well,"*** says Gran. She smiles. ***"More tea, Mrs. Clark?"***

خاتو کلارك دەڵێ :"چ وێنەیەکی جوانە، وە چەند خۆشحاڵیە بۆ تۆ کە کوڕەزایەکی وات هەیە شاژن دەناسێت. ئایا بە باشی دەیناسێت؟" گرەن دەڵێ :"نەخێر، زۆر باش نا" زەردەخەنەیەك دەکات :"چای تر، خاتو کلارك ؟"

پڕۆژەی خوێندنی لەسەر زمانی ئینگلیزی
زنجیرە یەک چیرۆک بۆ بەهێزکردنی زمانی
ئینگلیزی، کە بە شەش ئاستی جیاواز
دەردەچێت ، وە لە هەر ئاستێکدا
ژمارەیەک ووشەی نوێ فێردە بیت

ئاستی یەکەم : دەسپێکەران
ئاستی دووەم : سەرەتایی
ئاستی سێیەم : پێش ناوەندی
ئاستی چوارەم : ناوەندی
ئاستی پێنجەم : دوا ناوەندی
ئاستی شەشەم : پێشکەوتوان

Level - 1 -